PRIORITY
PAR AVION
BY AIR MAIL




# نامەیەک بۆ تۆ

ISBN 978-3-98824-332-4

© 2025 by GBV Dillenburg GmbH
www.gbv-dillenburg.de
www.gbv-online.org

Courtesy of
Verbreitung der Heiligen Schrift, www.vdhs.com
دەقی کتێبی پیرۆز وەرگیراوە لە وەرگێڕانی کوردی سۆرانی ستاندەر © ٢٠٢٢
بیلیکا (Biblica Inc.) . بە مۆڵەت بەکارهاتووە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.
Printed in Germany
وێنەکان: panthermedia.com, Verena Schake



# بە تایبەتی بۆ کەسی تۆ

نامەیەکی زۆر تایبەتت لە دەستدایە کە مەبەست لێی قسەکردنە بە شێوەیەکی کەسی.

ڕەنگە بیر لەوە بکەیتەوە: «ئایا ئەو نامانەی کە لەسەر کاغەز دەنووسرێن کەمێک بەسەرچوو نین؟» ئەوە ڕاستە. زیاتر نامەکان بە ئەلیکترۆنی یان ئیمەیڵ جێگەیان گیراوەتەوە.

**>> بەڵام تەنانەت لە سەردەمی دیجیتاڵیشدا هێشتا باشترە نامەی تایبەت لەسەر کاغەز بنووسرێت وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی بەها و گرنگی.**

تکایە کاتێک بۆ ئەم نامە تایبەتە تەرخان بکە کە لە دەستتدایە. زۆر گرنگە. بۆیە بە وردی بیخوێنەرەوە. لێی پەشیمان نابیتەوە!

**زانیاری سەرسوڕهێنەر دەبینیت لەبارەی**

**< نامەیەکی دیکە، زۆر بەهادارتر**

**< واتادارترین بەڵگەنامەی جیهان**

**< گەورەترین پەیامی هەموو سەردەمێک و متمانەپێکراو و پەیوەندییە سەرنجڕاکێشەکەی بە ئەمڕۆ**



**ئەم نامە بەهادارە کتێبی پیرۆزە، پەیامێکی کەسییە بۆ تۆ، ڕاستەوخۆ لە خوداوەیە.**



# کتێبی پیرۆز - نامەیەک بۆ تۆ

**ئینجیل وەک پۆستی ئاسمانی وایە – سەرچاوەکەی ئاسمانە.**

**خودا دروستکەری سەرسوڕهێنەری گەردوونە.**
**هەروەها ژیانی تۆی بەخشیوە و بە تەواوی دەتناسێت.**
**تۆ بەرهەمی ڕێکەوت نیت!**
**ئەو بەدوای پەیوەندییەکدا دەگەڕێت لەگەڵت و لە ڕێگەی ”نامەکەی“ خۆیەوە بانگەوازێکی ڕاستەوخۆی خۆشەویستیت بۆ دەکات.**

تۆ هێشتا دەربارەی نامەکەی خودا نازانیت؟ تۆ بە بێباکی نامەیەکی کەسی بەو شێوەیە فەرمۆش ناکەیت. بە سەرنجێکی زۆرەوە دەیخوێنیتەوە. بۆیە نامەکەی خودا بۆ تۆ بکەرەوە – کتێبی پیرۆز بخوێنەرەوە!.



ئێمە بە خۆشحاڵیەوە کتێبێکت بۆ دەنێرین. لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا پێت دەڵێین کە چۆن دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت.

## نامەیەکی ناوازە



بەڵێ، تۆ بە دروستی تێگەیشتووی: لێرەدا مەبەست لە کتێبی پیرۆز، قسەی خودایە، کە ناونیشانی «نامەیەک بۆ تۆ» زۆر بە باشی لەگەڵیدا دەگونجێت. هۆکاری گرنگی ئەم نامە ناوازەیە لەبەر ئەوەیە کە خودا نووسەرەکەیەتی.

ڕەنگە تۆ بڵێیت: «بەڵام کتێبی پیرۆز بە درێژایی سەدەکان لەلایەن نزیکەی ٤٠ کەسی جیاوازەوە نووسراوە. زۆرجار تەنانەت ناویشیان ناهێنرێت.»

**بەڵێ ئەوە ڕاستە. بەڵام خودا پەیامەکەی خۆی بۆ تاکەکانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ ناردووە:**



**چونکە هەرگیز پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو ڕۆحی پیرۆز ڕابەرایەتی مرۆڤەکانی کردووە، بۆ ئەوەی پەیامی خودا ڕابگەیەنن.** کتێبی پیرۆز – دووەم نامەی پەترۆس ١: ٢١



خودا بەهرە و پەروەردە و پێشینەی کەلتووری و پاشخانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت شێوازی نووسینی ئەوانیشی بەکارهێناوە.
>>> وشە بە وشە ئەوان ئەو وشانەیان نووسیوە کە خودا ویستویەتی بینووسن. ئەمەش پێی دەگوترێت «سروش».

## سیپارەکانی کتێبی پیرۆز

> کتێبی پیرۆز لە ٢ بەش پێکهاتووە:

- > پەیمانی کۆن (٣٩ سیپارە)
- > پەیمانی نوێ (٢٧ سیپارە)

> پەیمانی نوێ پێکدێت لە:

- > چوار ئینجیلەکە
- > کرداری نێردراوان
- > ٢١ نامە
- > ئاشکراکردن

ئینجیل وەڵامی پرسیارەکانی ژیانت دەداتەوە.

لە ڕێگەی خوێندنەوەیەوە دەرفەتت بۆ دەڕەخسێت کە ئەزموونی ئەوە بکەیت خۆشەویستی خودا دەتوانێت چ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە ژیانتدا بهێنێتە ئاراوە.

پەیدابوون
دەرچوون
لێڤییەکان
سەرژمێری
دواوتاری موسا
یەشوع
ڕابەران
ڕائووس
یەکەم ساموئێل
دووەم ساموئێل
یەکەم پاشایا
دووەم پاشایان
یەکەم پوختەی مێژوو
دووەم پوختەی مێژوو
عەزرا
نەحەمیا
ئەستێر
ئەیوب
زەبوورەکان
پەندەکانی سلێمان
ژیرمەندی
گۆرانی گۆرانییەکان
ئیشایا
یەرمیا
شینەکانی یەرمیا
حزقیێل
دانیال
هۆشەع
یۆئێل
ئامۆس
عۆبەدیا
یونس
میخا
ناحوم
حەبەقوق
سەفەنیا
حەگەی
زەکەریا
مەلاخی

مەتا
مەرقۆس
لۆقا
یۆحەنا
کرداری نێردراوان
نامە بۆ باوەڕدارانی ڕۆما
یەکەم نامە بۆ کڵێسای کۆرنسۆس
دووەم نامە بۆ کڵێسای کۆرنسۆس
نامە بۆ کڵێساکانی گەلاتیا
نامە بۆ باوەڕدارانی ئەفەسۆس
نامە بۆ باوەڕدارانی فیلیپی
نامە بۆ باوەڕدارانی کۆلۆسی
یەکەم نامە بۆ کڵێسای سالۆنیکی
دووەم نامە بۆ کڵێسای سالۆنیکی
یەکەم نامە بۆ تیمۆساوس
دووەم نامە بۆ تیمۆساوس
نامەی بۆ تیتۆس
نامە بۆ فلیمۆن
نامە بۆ عیبرانییەکان
نامەی یاقوب
یەکەم نامەی پەترۆس
دووەم نامەی پەترۆس
یەکەم نامەی یۆحەنا
دووەم نامەی یۆحەنا
سێیەم نامەی یۆحەنا
نامەی یەهوزا
ئاشکراکردن

## «نەوەیەکی سۆشیال میدیا»



ئایا تۆش لەم نەوەیەیت، یان ئەم دەستەواژەیە لەلای تۆ هیچ واتایەکی نییە؟ ئایا هەمیشە سەر بەرەو خوار دەژیت، تەنها سەرنجت لەسەر مۆبایلە زیرەکەکەت یان تابلێتەکەتە؟

بەردەوام بوون لە سەرهێڵی ئینتەرنێت لە هەموو شوێنێکدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەهۆی لافاوی زانیارییەکانی ئینتەرنێتەوە بخنکێیت. ئایا جگە لە گەشتکردن و چاتکردن و تویتکردن هیچ شتێکی دیکە هەیە؟ بەبێ ئاگاداری کاتژمێرەکان تێدەپەڕن و هەستەکانت بۆردومان دەکرێن – وە شتێکی نامۆ نییە کە ڕۆحت پیس بێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەم سەرقاڵییە وا دەکات بیر لە خودا و پەیامەکەی نەکەیتەوە بۆت.

### سەرنج:

ئەگەر بتەوێت بە شێوەیەکی کەسیی خودا بناسیت، ناتوانیت کتێبی پیرۆز پشتگوێ بخەیت. بۆ خوێندنەوەی پێویستت بە بێدەنگییە لە دەوروبەرت. بۆیە هەموو ئەو شتانە بکوژێنەرەوە کە ڕەنگە لەم کردارەدا سەرنجت پەرتەوازە بکات. سەرسام دەبیت لەوەی کە ئەمە چەندە سوودبەخشە. بیرکردنەوەکانت بە شێوەیەکی ئەرێنی و پاک کاریگەرییان لەسەر دەبێت کە ڕەنگە پێشتر هەرگیز ئەزموونت نەکردبێت.
بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، دەتوانیت ڕاستییەکان بدۆزیتەوە و کەسێک بناسیت کە بەڕاستی گرنگیت پێدەدات، تۆی خۆشدەوێت و دەیەوێت واتایەکی قووڵ و ئامانجێکی پاداشتبەخش بە ژیانت ببەخشێت.

لە لاپەڕەکانی ٦٢ و ٦٣ پێشنیار دەبینیت بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. **تکایە تاقی بکەوە!**



## ئایا کتێبی پیرۆز بۆ ئەمڕۆش سوودبەخش و گرنگە؟

زۆر کەس پێیان وایە مامەڵەکردن لەگەڵ «کتێبێکی سەردەمی کۆنی بەسەرچوو» شتێکی گەمژانەیە. ئەوان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە مرۆڤی مۆدێرن ئیتر ناتوانێت باوەڕ بە کتێبی پیرۆز بکات.

بیرۆکەی وەک ئەمانە زۆرجار لەلایەن میدیاکانەوە پشتگیری دەکرێن و بەبێ پرسیارکردن قبوڵ دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕوانینێکی هەڵەی باو ئەوەیە کە دەبێت لۆژیک و زیرەکی کتێبی پیرۆز ڕەت بکاتەوە.

لە لاپەڕەکانی داهاتوو چەندین ڕاستی دەبینیتەوە کە گرنگی کتێبی پیرۆز پشتڕاست دەکەنەوە.

**خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە گوێ لە پەیامی خودا دەگرن و کاری پێدەکەن.**
ئینجیل – لۆقا ١١: ٢٨

# پەرجووێکی هاوئاهەنگ



یەکێک لە ناسیاوەکانم مۆسیقاژەنە و دەتوانێت چەند ئامێرێک بژەنێت. کۆمپیوتەرەکەی بۆ تۆمارکردنی دەنگ بەکاردەهێنێت و چەند بەرهەمێکی هونەری دروست دەکات.

گوتی: «سەرەتا بە ئامێری شمشاڵ و ئاوازێک دەژەنم. ئەمەش تۆمارکردنی یەکەم تراکی دەنگی دروست دەکات.

لە تراکی دەنگی دووەمدا ئاوازێکی هاوئاهەنگ تۆمار دەکەم بەبێ ئەوەی تۆماری یەکەم بسڕمەوە. بەم شێوەیە شەش ئامێری دیکە زیاد دەکەم، هەتا قووڵترین ئاواز.

پاشان هەشت تراکی دەنگی پێکەوە کۆدەکرێنەوە.

دەتەوێت ئەنجامەکەی ببیستیت؟»

ئەوەی لەو کاتەدا بیستم سەمفۆنیایەکی شکۆمەند بوو.

زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەیت کە تاکە مۆسیقاژەنێک توانیبێت ئەم کارە بکات!

ئەمەش هەمان حاڵەتە لە کتێبی پیرۆزدا. لەلایەن زیاتر لە ٤٠ کەسی جیاوازەوە نووسراوە. هەموویان سروشیان لە هونەرمەندێکی بێهاوتا وەرگرتووە، خودا، ڕۆحی پیرۆز، کە تەواوی ئەم چل «ئامێرە»ی بۆ ژەنین دروستکردووە.

**هەر سپارەیەکی کتێبی پیرۆز سیمای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان بەپێی پلانی خودا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ پێکەوە دەگونجێن.**

**ئەمە یەکێکە لە سەرسوڕهێنەرەیە نایابەکانی کتێبی پیرۆز!**

**>>> کتێبی پیرۆز بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بەدوای هاوئاهەنگییە ناوازەکەیدا بگەڕێیت!**





# چاوەڕوانی بێهودە...

پیاوێک کە هیچ گرنگی بە کتێبی پیرۆز نەدەدا، ویستی قەناعەت بە گەنجێکی باوەڕدار بە مەسیح بهێنێت کە کتێبی پیرۆز بەسەرچووە و دژایەتی دۆزینەوە مۆدێرنەکانە. ویستی چەند بابەتێکی هەڵبژێردراوی زانستی و فەلسەفی سەبارەت بەم بابەتە بۆی بنێرێت.

بەڵام نەتوانرا باوەڕی گەنجەکە بهەژێت. وەڵامی دایەوە: ئەگەر شتێکت دەستکەوتووە باشتر لە وتاری سەر شاخ (مەتا ٥-٧)، شتێکی جوانتر لە چیرۆکەکانی سامیرەییە چاکەکە، کوڕە ونبووەکە، یان ژنە سامیرەییەکە (لۆقا ١٠ و ١٥، یۆحەنا ٤)؛ ئەگەر شتێکت هەیە دڵنەواییکەرتر لە زەبووری ٢٣ یان شتێک دەزانیت کە **خۆشەویستی خودا بۆ من ئاشکرا بکات و باشتر بێت لە بەخشینی عیسای مەسیحی کوڕەکەی**، یان بتوانیت هەر شتێکم پێ بدەیت کە **لە کتێبی پیرۆز ڕوونتر باسی ژیانی هەتاهەتایی داهاتوو بکات:** تکایە هەتا دەتوانیت بە خێرایی بۆم بنێرە!»

بێهودە چاوەڕێی وەڵامی کرد.

**هیچ کتێبێک نییە بەراورد بکرێت بە کتێبی پیرۆز.**
**هۆکارەکەی سادەیە: کتێبی پیرۆز کتێبی خودایە.**

# چۆن کتێبی پیرۆز بۆ ئێمە هات

## چۆن و لەسەر چی خەڵک نووسیویان؟

٣٠٠٠ پێش زایین

ئەگەر کەسێک ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ویستبێتی «نامەیەک» بنووسێت، ئەوا بە کاغەز و مەرەکەب نەینووسیووە. بەو شێوەیەی کە لەو ڕۆژانەدا پێی دەگوترا میخ؛ خەڵکی نیشانە و هێماکانیان لە تابلۆیەکی بچووکی گڵیندا هەڵدەکەند، کە دواتر وشک دەکرایەوە یان بە ئاگر دەسوتێنرا.

لە کاتی هەڵکۆڵینی شارە کۆنەکانی کوردستان و عێراقی ئەمڕۆ و سوریادا، هەزاران تابلۆی بچووکی گڵین دۆزراونەتەوە کە ئەم نووسراوانەی تێدایە.







١٥٠٠ پێش زایین

بە نزیکەیی لە هەمان کاتدا میسرییەکان نووسینێکی وێنەیی و هێمایی جیاوازیان پەرەپێدا (هیرۆگلیفی)، کە دەتوانیت لە هەرەمەکانی میسر ببینیت. چەندین سەدەی خایاند لەلایەن زانایانی زمانناسی بۆ شیکردنەوەی نووسینەکانی ئەم زمانە کۆنانەی مرۆڤایەتی.

ئەم جۆرە نووسینانە کێشەیەکی گەورەیان هەبوو: لە سەدان هێما پێکهاتبوون. لە ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین ئەلفوبێ داهێنرا.

١٠٠٠ پێش زایین

لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەک ئەم ئەلفوبێیە لە ١٠٠٠ ساڵی پێش زایینەوە بە خێرایی بڵاوبووەوە. کەوا بنەمای نووسینی ئەلفوبێیە کە هەتا ئێستاش بەکاردێت.





جگە لە گڵ، بەرد یان دار، مرۆڤەکان لە سەدەکانی دواتردا لەسەر پاپیروس نووسیویانە، کە لە کرۆکی ڕووەکی پاپیروسەوە بەرهەم هاتووە. دواتر خەڵکی لەسەر پێستە دەیاننووسی (کە بە شێوەیەکی تایبەت لە پێستی ئاژەڵ دروستکراوە)، کەوا دەکرایە کتێبی پێچراو.

**بەم شێوەیە خودا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاگاداری ئەوە بوو کە لەو کاتەی کتێبی پیرۆز نووسرا، سیستەمێکی سادە و لە هەمان کاتدا ڕوونی نووسین لەبەردەستدا بوو.**

## نووسین و کۆکردنەوە و هەڵگرتن

موسا یەکێک بوو لە یەکەم نووسەرانی کتێبی پیرۆز. دوو جار دەخوێنینەوە کە خودا ئەرکێکی پێ سپاردووە کە ئەو شتانەی ڕوویانداوە لە کتێبێکدا بنووسێت.

٤٠٠ پێش زایین

لە ڕێگەی گەلی هەڵبژێردراوی خوداوە، کتێبە جۆراوجۆرەکانی پەیمانی کۆن کۆکرانەوە و بە وردی هەڵگیران.

لە نزیکەی ٤٠٠ ساڵی پێش زایین پەیمانی کۆن تەواو بوو. بە زمانی عیبری نووسراوە، لەگەڵ چەند برگەیەکی کورت بە زمانی ئارامی.

١٠٠ زایینی

لە مردن و بەرزبوونەوەی عیسای مەسیحەوە هەتا کۆتایی سەدەی یەکەم کتێب و نامەکانی پەیمانی نوێ بە زمانی یۆنانی بەربڵاوی ئەو سەردەمە نووسراون.

موسا لە نزیکەی ساڵی ١٤٠٠ پێش زایین کۆچی دوایی کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کتێبی پیرۆز لە ماوەی ١٥٠٠ ساڵدا بەرهەم هێنراوە.

# تەواو و کۆتایی هات

زۆر زوو، یەکەمین باوەڕداران بە مەسیح لە ڕێگەی ڕێبەرایەی ڕۆحی پیرۆزەوە زانییان کە کام کتێب بەشێکە لە کتێبی پیرۆز و کام کتێب بەشێک نییە لە کتێبی پیرۆز. پێوەرێکی ڕوونیان هەبوو بۆ دانپێدانان بە کتێبێک و بەم شێوەیە دەیانتوانی بە باشی جیاوازی بکەن لەوەی کامە کتێب ڕاستەقینەیە و کامە ڕاستەقینە نییە.

مارتن لوتێر حوکمی لەسەر ئەم کتێبە نا ڕاستەقینانەدا دا و گوتی کە «بە هاوتای کتێبی پیرۆز نازانرێت». لە خوێندنەوەی ئەم دەقانەدا تێبینی ئەوە دەکەیت کە دژایەتییەکی تەواویان هەیە لەگەڵ سیپار ڕاستەقینەکانی کتێبی پیرۆز.

چیرۆکی ئەفسانەیی تێدا هاتووە دەربارەی عیسای پەروەردگار و نێرداوان، دەکرێت نامەی ساختە بن بە ناوی کەسایەتییەکانی نێو کتێبی پیرۆزەوە و هەروەها هەڵەی مێژوویی و جوگرافی تێدا دەدۆزرێتەوە. لە ساڵی ١٥٤٥ لە کاتی ئەنجومەنێکی کڵێسای کاتۆلیکی، هەندێک لەم کتێبانە بە هەڵە بە «هاوتا» لەگەڵ سیپارەکانی دیکەی کتێبی پیرۆزدا ڕاگەیەندرا.

وشەی خودا کۆمەڵێک کتێبی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت کە بە وردی لە ڕێگەی ڕابەرایەتی ڕۆحی پیرۆزەوە هەڵبژێردراون، وە بۆ هەموو کاتێک تەواو بووە.

کتێبی پیرۆز بەڕاستی بە کتێبی پیرۆز ناودەبرێت، چونکە لە خوداوە هاتووە نەک لە دەسەڵاتی مرۆڤەوە. ئەمڕۆش باڵاترین دەسەڵاتە بۆ باوەڕ و ژیانمان.

**ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.** کتێبی پیرۆز – مەتا ٢٤: ٣٥



# دەستنووسێکی جێی متمانەیە



دێری سانت کاترین لە شاخەکانی سینا. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەوێدا تیشندۆرف کۆدێکسی سینایتیکوسی دۆزیەوە.

زیاتر لە پێنج هەزار دەستنووس و پارچەی پەیمانی نوێ بە زمانی یۆنانی پارێزراون. بەناوبانگترین دەستنووس بریتییە لە کۆدێکس سینایتیکۆس، کە هەتا ئێستا نزیکەی تەواوی ئینجیلی یۆنانییە کە لە سەدەی سێیەمەوە پارێزراوە و لەلایەن زانا کۆنستنتین ڤۆن تیشێندۆرفەوە لە دێری سانت کاترین لە نیمچە دوورگەی سینا لە ساڵی ١٨٥٩ دۆزرایەوە. ئەم گەنجینەیە بەهادارەی ئینجیل نەک تەنها بەشێک لە پەیمانی کۆنی تێدابوو، بەڵکو تەواوی پەیمانی نوێی بە ٧٢ سیپارەکەیەوە تێدایە.

جگە لە دەستنووس و پارچە جۆراوجۆرەکانی پەیمانی نوێ، نزیکەی ٩ هەزار وەرگێڕانی کۆن لە دەقە ڕەسەنەکانەوە هەن. لەگەڵ ٣٦ هەزار دەقی وەرگێراوی کتێبی پیرۆز لەوانەی پێیان دەگوترێت باوکانی کڵێسا، بووە هۆی بنیادنانەوەی نزیکەی لەسەدا سەدی دەقی ڕەسەن لە ڕێگەی گەڕانێکی چڕەوە.

یەک دەق نییە گومان لە ڕاستی پەیامی خودا لە پەیمانی نوێدا دروست بکات.

**وردبینی لە گواستنەوەی دەقەکانی کتێبی پیرۆز بە درێژایی هەزاران ساڵ ناوازەیە.**

# ئەشکەوتەکانی قومران

لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧دا، کوڕێکی خێڵێکی بەدەوی، کە بەدوای بزنێکی هەڵهاتوودا دەگەڕا، لە بناری سەختی قومران لە کەناری ڕۆژئاوای دەریای مردوو دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەشکەوتێکی شاراوەی دۆزیەوە.

بەردێکی فڕێدایە ناو دەمی بچووکی ئەشکەوتەکەوە. سەرسام بوو لەوەی گوێی لە دەنگی شکاندنی گڵ بوو. بیری لەوە دەکردەوە دەکرێت ئەمە چی بێت.

بە کنجکاوییەوە چووە ناو ئەم ئەشکەوتە نهێنییە و کۆمەڵێک گۆزەی گڵینی دۆزیەوە کە تێیدا پێچراوی چەرم (کتێب) هەبوون، کە بە کانڤاس پێچرابوون. ئەمانە دەستنووسی کۆن و زۆر بەنرخ بوون کە هێشتا لە دۆخێکی سەرسوڕهێنەر باشدا بوون، تەنانەت لەدوای ١٩٠٠ ساڵ.

کوڕە شوانەکە کتێبێکی لەگەڵ خۆی برد و بە سەرسامییەوە بۆی دەرکەوت کە لەلای شوێنەوارناسان زۆر گرنگە. گەڕانێک بۆ ئەم دەستنووسە ناوازانە لە نێوان سەرگەردانی چاوچنۆکی و زانایاندا سەریهەڵدا.

نرخی ئەم پەرتووکانە بۆ ملیۆنان دۆلار بەرزبووەوە. ئەم دۆزینەوە هەستیارەی لە ئەشکەوتەکانی قومران جیهانی زانستی خستە جووڵە.

بۆ ئێمە پێچراوی سیپارەی ئیشایا گرنگترینە بەو پێیەی کۆنترین دەستنووسی تەواوەتی نێو کتێبی پیرۆزە.





هیچ گومانێک لە ڕەسەنایەتی دەستنووسەکە نییە، کە لە سەدەی دووەمی پێش زایین نووسراوە. کاتێک بەراوردیان کرد بە دەقی ماسۆراتی ١٠٠٠ ساڵ نوێتر (دەقی عیبری کتێبی پیرۆزی عیبری)ی بۆ سیپارەی ئیشایا، زاناکان بە سەرسوڕمانەوە بۆیان دەرکەوت کە لە بنەڕەتدا هیچ جیاوازییەک نییە! دەقەکان بە وردبینییەکی سەرسوڕهێنەرەوە هاوکات بوون لەگەڵ یەکتر!

لەبەر ئەوەی دەقی ئەم سیپارەیە بێ پچڕان بوو، هەموو ئەو ڕەخنەگرانەی کتێبی پیرۆز کە بانگەشەیان کردبوو بۆ ئەوەی سیپارەی ئیشایا بە درێژایی سەدەکان کۆکراوەتەوە هەڵەیە، پووچەڵکرانەوە.

لە نێو دۆزینەوە بەرفراوانەکانی قومراندا نزیکەی ٢٥٠ کتێب لە دەقی کتێبی پیرۆزی پەیمانی کۆن هەبوون کە سەلماندییان دەستنووسەکان بە وردییەکی ناوازە گوازراونەتەوە.

**خودا چاودێری وشەکەی دەکات بۆ ئەوەی بەبێ گۆڕانکاری بگاتە دەست ئێمە. وشەی خودا وەک بەرد وایە: ناهەژێت.**

**بەڵام فەرمایشتی یەزدان هەتاهەتایە چەسپاو دەبێت.**

کتێبی پیرۆز – یەکەم پەترۆس ١: ٢٥

# بەرهەمهێنانی کتێبی پیرۆز

## << ڕابردوو و ئێستا >>



زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر پەرەسەندنی چاپکردن جیهانی گۆڕی. پێش ئەمە ئەگەر کەسێک کتێبی پیرۆزی بویستبا دەبووایە بە دەست بنووسرێتەوە، ئەمەش زۆر کاتی دەبرد و تێچوونێکی زۆری دەویست.

بۆ ئەوەی دەقی ڕەسەن بپارێزرێت، پێویست بوو کۆنترین دەستنووسەکان بزانرێت، چونکە نووسینەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە مەترسی گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنا.





دۆزینەوەی دەقەکان شتی سەرسوڕهێنەر دەسەلمێنن: زیاتر لە ٣٠٠٠ دەستنووسی کۆنی ناسراوی کتێبی پیرۆزی عیبری بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هاوکاتن لەگەڵ یەکتر، وە دەقە ناسراوەکە پشتڕاست دەکەنەوە. کۆنترین بەشەکانی کتێبی پیرۆز کە نزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر هاتوونەتە ئاراوە، بە وردی بۆ سەردەمی ئێمە گوازراوەتەوە.



ئەمە چۆن دەبێت؟ لە ڕێزگرتن لە وشەی پیرۆزی خودا، جولەکەکان ژمارەیەکی زۆر ڕێوشوێنیان ڕەچاو دەکرد بۆ دڵنیابوون لە نووسینەوەیەکی ورد. بۆ نموونە دووبارەبوونەوەی هەر پیتێک یان هەندێک وشە دەژمێردران و چەندین جار پشکنینیان بۆ دەکرا.

ئەمڕۆ دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر چاپی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی ئابووری و لە کەمترین کاتدا لە ڕێگەی نوێترین چاپخانەکانەوە بەرهەم بهێنرێت.

لەم نێوەندەدا زۆرێک لە کتێبی پیرۆزی دیجیتاڵی ئۆنلاین و ئاپی کتێبی پیرۆز بە خۆڕایی بەردەستە.



## بەڵام وشەی خودا گەشەی کرد و زۆر بوو.

ئینجیل - کرداری نێردراوان ١٢: ٢٤

# کتێبی پیرۆز و زانست

کتێبێک کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بە لێدوانەکانی لەسەر سروشت و مێژوو نووسرابێت، چۆن هەمیشە ڕاست بێت؟ بۆچی لە ڕووی زانستییەوە ناتوانرێت کتێبی پیرۆز پووچەڵ بکرێتەوە؟

نموونەی زۆر هەیە کە زانستی مۆدێرن کاتێکی زۆری خایاندووە بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە ئاستی لێدوانەکانی کتێبی پیرۆز. لێرەدا دوو لەوانە دەخەینەڕوو:

## ئایا زەوی گۆییە؟



خودا هەرگیز بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە زەوی دیسکێکە و خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە. ئەمەیە کە زۆرێک لە زاناکان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بە بەردەوامی باوەڕیان پێی هەبووە.

بە پێچەوانەوە، خودا لە یەکێک لە سپیارە کۆنەکانی کتێبی پیرۆزدا، لە ئەیوب ٢٦: ٧ دەڵێت: «**ئاسمانی باکوور بەسەر بۆشاییدا لێک دەکێشێت و زەوی لەسەر هیچ هەڵدەواسێت.**»

## ئایا کەروێشک کاوێژ دەکات؟

لە لێڤییەکان ١١: ٤ و ٦ دەڵێت: «**لەوانەی تەنها کاوێژ دەکەن یان تەنها سمیان دوو کەرتە، ئەمانە ناخۆن... کەروێشک، چونکە کاوێژ دەکات بەڵام سمی دوو کەرت نییە**»



ئەم لێدوانەی کە باس لە کەروێشک دەکات بۆ چەندین سەدە بە هەڵە ناوزەد دەکرا.

بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا زاناکان بۆیان دەرکەوت کە کەروێشک دوو جۆری جیاوازی دەردانی هەیە. یەکێکیان دووبارە دەخواتەوە بۆ ئەوەی ماددە خۆراکییە گرنگەکانی هەڵبمژێت.



بەم شێوەیە زانست ناچارە لەدوای چەندین ساڵ لێکۆڵینەوەی دووبارە و سێبارە لەگەڵ کتێبی پیرۆز هاوڕا بێت. هەروەها لێدوانەکانی کتێبی پیرۆز دژایەتی ڕاستییە سەلمێنراوەکانی ئێستای زانستی و شوێنەواریی نین.





## ئایا دەکرێت جیاوازی هەبێت؟

ئایا خودا کە گەردوونی دروست کردووە و وشەی خۆی (ئینجیلی پیرۆز)ی پێ بەخشین، دژایەتی خۆی دەکات؟
نەخێر، هەردوو ئەم ئاشکراکردنەی خودا، بەدیهێنان و وشەکەی، یەکتری پشتڕاست دەکەنەوە.

## خودا تۆی بەدیهێناوە

**خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان.** کتێبی پیرۆز – پەیدابوون ١: ٢٧

تۆ بەدیهێنراوی خودای. لەم دونیایەدا تەنها یەکێک لە تۆ هەیە. جگە لەمەش جەستە و هەموو ئەرکەکانی – مێشک، سیستەمەکان، ئەندامەکان – بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن خوداوە دروستکراون. هیچ ئاماژەیەک بە کات و ڕێکەوت نییە – وەک ئەوەی تیۆری نەسەلمێنراوی پەرەسەندن بانگەشەی دەکات. خودا مرۆڤی «لەسەر وێنەی خۆی» بەدی هێناوە، واتە لەم بەدیهێنانەدا نوێنەرایەتی ئەو بکات.

**بەڵام، مرۆڤ کەوتە ناو گوناه و لە خودا دوورکەوتەوە.**

## خودا تۆش وەک «گوناهبار» هەژمار دەکات،

**هەروەها بەبێ جیاوازی، لەبەر ئەوەی هەمووان گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا دوورکەوتنەوە.** کتێبی پیرۆز – ڕۆما ٣: ٢٢، ٢٣

گوناە کردن واتە مامەڵەکردن بەبێ گوێڕایەڵی بۆ خودا. هیچ جیاوازییەکی نییە ئایا گوناە وەک کردەوەیەک دیارە، یان ئەگەر بە دەنگی بەرز بگوترێت، یان ڕەنگە تەنها لە بیرکردنەوەدا ئەنجام بدرێت. جارێک عیسای پەروەردگار گوتی ڕق لە کەسێک وەک کوشتن گوناهێکی خراپە!



## خودا دادوەری تۆ دەبێت

**وەک بۆ مرۆڤ دانراوە جارێک بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە،...**

کتێبی پیرۆز – نامە ٩: ٢٧

خودا بە تەواوەتی پیرۆز و ڕاستگۆیە. هەر بۆیە دەبێت ڕۆژێک حوکم لەسەر هەموو شتێک بدات کە لەگەڵ سروشتی ئەودا ناگونجێت. کتێبی پیرۆز بەبێ هەڵە ڕوونی دەکاتەوە کە هەر کەسێک بەبێ لێخۆشبوون لە گوناهەکانی بمرێت، دەبێت چاوەڕوانی دابڕانی هەمیشەیی بکات لە خودا. بە پێچەوانەی ئاسمان کە هەر کەسێک پەیوەندی لەگەڵ عیسای پەروەردگاردا هەبێت، شوێنێک دەبێت کە کتێبی پیرۆز پێی دەڵێت «دۆزەخ» یان «دەریاچەی ئاگر». خودا لەوێ نابێت و ئەو کاتە هیچ ئەگەرێک نامێنێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵیدا.

**لەگەڵ ئەوەشدا هیوایەک هەیە!**

## خودا گرنگیدانێکی زۆری بە تۆ هەیە

**بەم شێوەیە خۆشەویستی خودا لەنێوانماندا دەرکەوت: خودا کوڕە تاقانەکەی خۆی نارده جیهان تاکو بەهۆیەوە بژین.**

کتێبی پیرۆز – یەکەم یۆحنا ٤: ٩

سەرت بەرز بکەوە بۆ خاچەکەی گولگۆسا کە عیسای مەسیح لەلایەن خوداوە سزای ئەزموون کرد بەوەی توشی ئازاری ترسناک بوو. ئەو لەسەر خاچ لەلایەن خوداوە وازی لێ هێنرا، چونکە تاوانەکانی ئێمەی هەڵگرت. ناتوانین بیخەینە بەرچاومان کە ئەمە دەبێت واتای چی بووبێت بۆ عیسای پەروەردگار کە بە تەواوی بێ گوناە بوو.

**ئایا دەبینیت خودا چەندە تۆی خۆشدەوێت؟**

# یارمەتی خودا + ئامرازی ڕزگاری

ئێمە بە هۆی گوناهەوە لە خودا دابڕاین. خودا هەوڵەکانمان بۆ باشترکردنی خۆمان قبوڵ ناکات. خودا، لە پیرۆزی و پاکی خۆیدا، دەبێت حوکم لەسەر خراپە بدات. تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ دەربازبوون: دەبێت ئامرازەکانی ڕزگاری قبوڵ بکەین کە لەلایەن خودا خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت.

**لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت.**

کتێبی پیرۆ - یۆحەنا ٣: ١٦

بۆ ئەوەی خودای بەدیهێنەرت بناسیت، عیسای مەسیح بوو بە مرۆڤ و هاتە سەر زەوی بۆ لای ئێمە.

عیسای مەسیح خۆشەویستی خودای نیشان داین. ئەو بە تەواوی سەلماندی بە مردن لەپێناو تۆ لەسەر خاچی گولگۆسا. وەک نوێنەری تۆ، سزای گوناهەکانی تۆی گرتە ئەستۆ - ئەگەر باوەڕت پێی هەبێت.

**ئەگەر بە باوەڕەوە ئەمە قبوڵ بکەیت و دان بە گوناهەکانتدا بنێیت بۆ خودا، ئەوا لێخۆشبوون و ژیانی هەتاهەتاییت پێ دەبەخشێت.**



**ئەگەر دانمان بە گوناهەکانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە.**

کتێبی پیرۆز - یەکەم یۆحەنا ١: ٩

عیسای مەسیح زیندووە! لە مردن هەستایەوە و گەڕایەوە بۆ ئاسمان.

ئەم مزگێنییە نزیکەی دوو هەزار ساڵە بانگەوازی بۆ دەکرێت. بەم شێوەیە دەکرێت ڕزگاری پێشکەش بە هەموو مرۆڤەکان بکرێت. هەرکەسێک باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێت - تاکە ڕزگارکەر - لە دادگای هەمیشەیی خودا ڕزگاری دەبێت. هەر کەسێک بە باوەڕەوە کاری ڕزگاری عیسای مەسیح قبوڵ بکات، لەبەردەم خودادا بە ڕاستودروست دەناسرێت.

**...بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان کران، بەو کڕینەوەیەی کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە هەیە.**

کتێبی پیرۆز - ڕۆما ٣: ٢٤



# بەڵێنە خوداییەکان

بۆ پوختکردنەوەی، نامەی خودایی، کە کتێبی پیرۆزە، دەڵێت:

**١ خودا پیرۆزە.** < دەبێت حوکم بدات و سزای گوناه بدات!

**٢ خودا خۆشەویستییە.** < دەیەوێت لە هەموو گوناهەکانت خۆش بێت.

خودا دەتوانێت لە گوناهەکانت خۆش بێت، چونکە عیسای مەسیح، ڕۆڵەی خودا خۆی سزای گوناهی وەرگرتووە و هەموو ئەو شتانەی هێناوەتە دی کە خودای پیرۆز داوای دەکات.

بەڵام بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبوون بە شێوەیەکی کەسی دەبێت بە دانپێدانانی ڕاستەقینە بە گوناهەکانتەوە بێیتە بەردەم خودا، وە باوەڕت بەوە هەبێت کە عیسای مەسیح لەپێناوی تۆ لەسەر خاچ مردووە، وەک ڕزگارکەر و کڕەرەوە.

**پاشان خودا زیاتر لە هەزار فەرمایشتی خودایانە و نەگەڕاوەی هەیە کە لە وشەکانیدا بۆ تۆ ئامادەیە، کە کتێبی پیرۆزە. لێرەدا چەند فەرمایشتێک لەم فەرمایشتانە دەبینیت >>>**



**ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.**
کتێبی پیرۆز - یۆحەنا ٣: ٣٦

**ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوکم نادرێت، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.**
کتێبی پیرۆز - یۆحەنا ٥: ٢٤

**لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێکرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببنە ڕۆڵەی خودا.**
کتێبی پیرۆز - یۆحەنا ١: ١٢

**مەترسە، چونکە تۆم کڕیوەتەوە، بە ناوی خۆتەوە بانگم کردوویت، تۆ هی منیت.**
کتێبی پیرۆز - ئیشایا ٤٣: ١

# کوڕە ونبووەکە

## چیرۆکێک لە کتێبی پیرۆزەوە

کابرایەک دوو کوڕی هەبوو. بچووکەکەیان بە باوکی گوت: "باوکە، چیم بەردەکەوێ لە بەشە میراتی خۆم، بمدەرێ." ئەویش ماڵەکەی بۆ دابەشکردن. دوای چەند ڕۆژێک، کوڕە بچووکەکە هەموو شتەکانی کۆکردەوە و بەرەو وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، لەوێ ماڵەکەی لەسەر ڕابواردن دانا. لەدوای ئەوەی هەمووی خەرجکرد، قاتوقڕی گەورە کەوتە ناوچەکە، لەبەر ئەوە تووشی نەبوونی هات. ئیتر هانای بۆ هاوڵاتییەکی ناوچەکە برد، ئەویش ناردییە کێڵگەکانی بۆ لەوەڕاندنی بەراز. حەزی دەکرد بەو خرنووکە سکی خۆی تێر بکات کە بەرازەکان دەیانخوارد بەڵام کەس هیچی پێنەدەدا. ئینجا بە هۆش خۆی هاتەوە و گوتی: "ئاخۆ چەند کرێکاری باوکم نانیان لەبەر دەمێنێتەوە، منیش لێرە وا لە برسان دەمرم. هەڵدەستم دەچمەوە لای باوکم، پێی دەڵێم: ´باوکە، لە دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد. ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە بە کرێکارێکی خۆت.´" جا هەستا و گەڕایەوە لای باوکی. هێشتا دوور بوو باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا، ڕایکرد و باوەشی پێداکرد و ماچی کرد. کوڕەش پێی گوت: "باوکە، لە دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم." بەڵام باوکەکە بە خزمەتکارانی خۆی گوت: "خێرا باشترین جلوبەرگ بهێنن و لەبەری بکەن، ئەنگوستیلەیەک بکەنە پەنجەی و پێڵاویش بۆ





پێی. گوێرەکە قەڵەوەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین، چونکە ئەم کوڕەم مردوو بوو و زیندوو بووەتەوە، ون ببوو و دۆزراوەتەوە."

جا دەستیان بە ئاهەنگ گێڕان کرد. کوڕە گەورەکە لە کێڵگە بوو، کە هاتەوە و لە ماڵ نزیک بووەوە، گوێی لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بوو. یەکێک لە خزمەتکارانی بانگکرد و پرسیاری کرد، "ئەمە چییە؟" پێی گوت: "براکەت گەڕاوەتەوە، باوکیشت گوێرەکە قەڵەوەکەی سەربڕی، چونکە بە ساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە." کوڕە گەورەکە تووڕە بوو و نەیویست بچێتە ژوورەوە. ئیتر باوکی هاتە دەرەوە و تکای لێکرد. بەڵام ئەو وەڵامی باوکی دایەوە: "ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم. بەڵام کاتێک ئەم کوڕەت هاتەوە، ئەوەی ماڵەکەتی لەگەڵ لەشفرۆشان لووش دا، گوێرەکە قەڵەوەکەت بۆی سەربڕی." ئەویش پێی گوت: "کوڕم، تۆ هەمیشە لەگەڵ منی، هەرچیم هەیە هی تۆیە. بەڵام پێویستە دڵخۆش و شاد بین، چونکە ئەم برایەت مردوو بوو و زیندوو بووەتەوە، ون ببوو و دۆزراوەتەوە."

کتێبی پیرۆز – لۆقا ١٥: ١١-٣٢




# چەندین ئایین – هەموویان هەمان خودان؟

بیرۆکەیەکی باو لە جیهاندا کە هەموو ئایینەکان بەرەو یەک خودا دەبەن، تەنها بە ڕێگەی جیاواز.

ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی پەیامی سەرەکی کتێبی پیرۆزە کە لە دەمی عیسا مەسیحەوە دەرچووە: «منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوک لە ڕێگەی منەوە نەبێت» (یۆحەنا ١٤: ٦). ئەم ڕاستییە بە گشتی لەم ڕۆژانەدا ڕەتدەکرێتەوە.

بۆ نموونە ئەم بەراوردکردنەی قورئان و کتێبی پیرۆز بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە «ئەڵای ئیسلام» ناکرێت خودای کتێبی پیرۆز بێت:

**قورئان**

...بۆیە باوەڕت بە خوا و پێغەمبەرەکانی هەبێت، و مەڵێن: «سێ»... هەر تەنها ئەڵا خودایە. ئەو لە سەرووی ئەوەیە کەوا کوڕی هەبێت. قورئان – لە سورەتی ٤ وەرگیراوە

**کتێبی پیرۆز**

لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت.
کتێبی پیرۆز – یۆحەنا ٣: ١٦



**قورئان**

...بۆیە باوەڕت بە خوا و پێغەمبەرەکانی هەبێت، و مەڵێن: «سێ»... هەر تەنها ئەڵا خودایە. ئەو لە سەرووی ئەوەیە کەوا کوڕی هەبێت.
قورئان – لە سورەتی ٤ وەرگیراوە

**کتێبی پیرۆز**

پەیامی خاچ بۆ لەناوچووان گێلایەتییە، بەڵام بۆ ئێمەی ڕزگاربووان هێزی خودایە.... بەڵام ئێمە مەسیحی لەخاچدراو جاڕدەدەین، بۆ جولەکە کۆسپە و بۆ نەتەوەکان گێلایەتییە.
کتێبی پیرۆز – یەکەم کۆرنسۆس ١: ١٨ و ٢٣

قورئان بە ڕوونی ڕەتیدەکاتەوە کە «ئەڵا» کوڕێکی هەبێت، سێتایی خودا و ئەو ڕاستییەی کە عیسای مەسیح لەسەر خاچ مردووە! بەڵام خودای کتێبی پیرۆز خودایەکی زیندووە. لەبەر خۆشەویستی بۆ من و تۆ، کوڕەکەی وەک قوربانییەک لەپێناو گوناهەکان بەخشی – بەو پێیەی مەسیح تووشی حوکمدانی خودا بوو و چووە ناو مردنەوە. ئیتر ناکرێت «ئەڵا» خودای کتێبی پیرۆز بێت، کە باوکی مەسیحی پەروەردگارە.

## ئیتر: مەسیحیەت بەپێی کتێبی پیرۆز ئایین نییە!

**لە ئایینە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا مرۆڤ لە ڕێگەی هەوڵەکانی خۆیەوە هەوڵ دەدات ڕێگایەک بۆ لای خودا بدۆزێتەوە.**

**بەڵام کتێبی پیرۆز خودایەکی پیرۆزمان پیشان دەدات کە هاتۆتە خوارەوە بۆ لای ئێمە، لە عیسای مەسیحی کوڕەکەیدا، بۆ ئەوەی هەرکەسێک باوەڕ بەو بهێنێت و دان بە گوناهەکانیدا بنێت بۆ ئەو ڕزگاری بێت.**

**بەڵام ئەوەی کار ناکات، بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کە خودا گوناهبار بێتاوان دەکات، ئەوا باوەڕەکەی بە ڕاستودروستی بۆ دادەنرێت.** کتێبی پیرۆز – ڕۆما ٤: ٥



# بڕوانە داهاتوو

کتێبی پیرۆز لێدوانی جێی متمانەمان پێدەدات سەبارەت بە داهاتوو.

ئێمە لەم ڕۆژانەدا بە دڵەڕاوکێ و خەم و پەژارە دەورە دراوین: مردن، بێ ڕەوشتی، توندوتیژی، برسێتی، شەڕ، کارەساتی سروشتی، قەیرانی دارایی، کارەسات، تیرۆر...!

بەڵام عیسای مەسیح بەم زووانە دەگەڕێتەوە! خودا بە ڕوونی لە کتێبی پیرۆزدا پێمان دەڵێت کە ڕۆژانێکی کەم پێش هاتنی ئەم جۆرە ڕووداوانە ڕوودەدەن. هەروەها خوێنەری کتێبی پیرۆز دەزانێت کە شتەکان چۆن بەردەوام دەبن:

خودا حوکم لەسەر جیهان دەدات، کە لێی دوورکەوتۆتەوە و ئێستا لە گوناهدا نوقم بووە. بەڵام خودا «**ئێستا فەرمان دەدات بە هەموو کەسێک لە هەموو شوێنێک کە تۆبە بکەن، چونکە ڕۆژێکی دیاری کردووە کە تێیدا لە ڕێگەی ئەو پیاوەی کە دەستنیشانی کردووە، بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات...**» (کرداری نێردراوان ١٧: ٣٠، ٣١).

ئەمەش لە ڕێگەی عیسای مەسیحی کوڕەکەیەوە ڕوودەدات کە بەم زووانە لە ئاسمانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دادگاییکردن. ئەو، ئەو کەسەی کە سووکایەتی پێکراوە و لە خاچ دراوە، وەک سەرکەوتوو و بە دەسەڵاتی دادوەریی باڵاوە دەگەڕێتەوە: ئەو کەسەیە کە «**خودا ئەوی بە دادوەری زیندووان و مردووان داناوە**» (کرداری نێردراوان ١٠: ٤٢).

**حوکمدان بە دڵنیاییە – بەڵام هیوایەک بۆ تۆ هەیە!**



کتێبی پیرۆز چەندین سەدە پێشتر بە وردی پێشبینی لەدایکبوونی عیسا مەسیحی کردووە، هەروەها مردن و زیندووبوونەوەی. وەک چۆن عیسای مەسیح ژیانی خۆی لە پێناو تۆدا بەخشی، تەنانەت ئەمڕۆش خودا نیعمەت و لێخۆشبوونی خۆی پێشکەشت دەکات.

**ئەمڕۆ وەرە، خودا دەڵێت – ڕەنگە سبەی زۆر درەنگ بێت:**

**«ئەوەتا ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری»** کتێبی پیرۆز – دووەم کۆرنسۆس ٦:٢

پێشنیاری خودا قبوڵ بکە، ئەوا ڕزگاری هەمیشەیی لەم حوکمە خودایەتییە وەردەگریت. بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەیت، پێویستە بە دانپێدانان بە گوناهەکانت بێیتە لای.

خودای گەورە بە تەواوی بە ڕاستی پێشبینی دەکات: هیچ مرۆڤێک ناتوانێت ئەوە بکات. سەدان پێشبینی لە کتێبی پیرۆزدا بە شێوەیەکی پشتڕاستکراوە هاتوونەتە دی. کتێبی پیرۆز پێشبینی دەکات دەربارەی: چەندین سەدە پێش هاتنی ئیمپراتۆریەتەکان؛ لەدایکبوونی عیسا مەسیح؛ لەناوچوونی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٧٠ی زایینی؛ بڵاوبوونەوەی جووەکان لە سەرانسەری جیهان و هتد.

**هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی ناوازە دەیسەلمێنن کە کتێبی پیرۆز فەرمایشتی خودایە.**

بۆ نموونە کتێبی پیرۆز سەبارەت بە جووەکان (گەلی ئیسرائیل) لە سپارەی دواوتاری موسا ٢٨: ٦٤، ٦٥ دەڵێت: «**ئینجا یەزدان لەنێو هەموو گەلان پەرشوبڵاوتان دەکاتەوە، لەوپەڕی زەوی هەتا ئەوپەڕی،... لەنێو ئەو نەتەوانەدا ناحەوێنەوە و پێیەکانتان جێگیر نابن، بەڵکو یەزدان لەوێ دڵێکی لەرزۆک و چاوێکی ماندوو و گیانێکی لاوازتان دەداتێ.**»

**>> خۆت حوکم بدە کە ئەمە جێبەجێ بووە یان نا!**

# ژیان کورتە

## وەک چاوتروکانێک

ئەمڕۆ دەبێت خۆت ئامادە بکەیت بۆ دیداری خودا.
ئایا دەتەوێت بەردەوام بیت لە دواخستنی ڕووکردنە
لای خودا؟ ئەوا ڕۆژێک دەرفەتت نامێنێت!

























بۆیە:

**لەگەڵ خودا ئاشت بنەوە.**

کتێبی پیرۆز - دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢٠

# تێبینی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە کتێبی پیرۆز

«من بۆ ماوەی چل ساڵ بە وردی کتێبی پیرۆزم خوێندەوە، ئەمڕۆ باوەڕم بەهێزترە لە چل ساڵ لەمەوبەر. هەموو بەڵێنەکان جێی متمانەن و ڕاستن.»

هادسۆن تایلۆر (١٨٣٢-١٩٠٥)، نێردراو لە چین

«من کتێبی پیرۆزم بە بەردەوامی و بە بیرکردنەوە خوێندووەتەوە، و پێموایە کە ئەم کتێبە کۆنە... لە هەر کتێبێکی دیکە زیاتر گەورەیی و جوانی لە زماندا لەخۆگرتووە، لە هەر سەردەمێک یان بە هەر زمانێک نووسرابێت.»

سێر ویلیام جۆنز (١٧٤٦-١٧٩٤)، یەکێک لە گەورەترین کەسە بەهرەمەندەکانی زمانەوانی (٨٢ زمان) و شارەزای ڕۆژهەڵات

«قسەی فەیلەسوفەکانمان چەندە هەژارن، بە هەموو ئەو دژیەکییەی تێیدا هەیە، بە بەراورد لەگەڵ کتێبی پیرۆز. ئایا دەکرێت کتێبێک، کە هێندە سادە و لە هەمان کاتدا هێندە تەواو بێت، دەبێت ئەمە تەنها لە وشەی مرۆڤ پێکهاتبێت؟»

ژان جاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)، فەیلەسوف



«کتێبی پیرۆز هەم بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ناوازەیە و هەم کتێبێکی سەرچاوەی مێژوویی جێی متمانەیە. بووەتە هۆی ئەوەی هەزاران دۆزینەوەی شوێنەواریی لێبکەوێتەوە، هەروەها ئەدەبیاتێکی بەرفراوانی لەسەر کەلتوورە کۆنەکان دروستکردووە. کتێبی پیرۆز هەمیشە نیشانی داوە کە لە هەر شوێنێک دەتوانرێت پشتڕاست بکرێتەوە، لە وەسفکردنی وردەکارییە بچووکەکان و هەروەها لە وەسفکردنی ڕووداوە گەورەکانیش».

دەیڤ بالسینگەر و چارڵز ئی سێلەر، شوێنەوارناسانی ئەمریکی

«لە کتێبی پیرۆزدا دەتوانیت ڕاستییە گەورەکان بدۆزیتەوە کە لە سنووری ئەقڵی مرۆڤانەمان تێدەپەڕن، وە نیشانمان بدەن کە ئەقڵی سنووردارمان چەندە ڕووکەشە. بەڵام لە وتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانیدا، تێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز قورس نییە.»

چارڵز ئێچ سپێرجیۆن (١٨٣٤-١٨٩٢)، بانگخوازی بوژانەوە

«کتێبی پیرۆز تاکە بەڵگەنامەی زانیارییە لە خوداوەیە کە چاپکراوە و بە زمانی مرۆڤە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کتێبی پیرۆز لە کۆی هەموو لێدوانەکانیدا ناوازە و جێی متمانەیە.

ئەوە زانست و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا نییە کە توانیویەتی کتێبی پیرۆز ڕاست بکاتەوە. بە پێچەوانەوە، کتێبی پیرۆز توانای پاککردنەوەی سیستەمی بیرکردنەوەی ئێمەی هەیە.»

پرۆفیسۆر دکتۆر وێرنەر گیت، سەرۆکی پێشووی بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری لە کۆمپانیای BTP لە شاری براونشوێگ لە ئاڵمانیا

**ئاسانە کتێبی پیرۆز بە نادروست تۆمەتبار بکرێت، بەڵام سەلماندنی ڕاستی ئەمە شتێکی تەواو جیاوازە.**

# وەرگێڕان لە دەقی ڕەسەنەوە

وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز کارێکی قورسە.

هەریەک لە دەقی عیبری پەیمانی کۆن و هەم دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ تەنها پیتی گەورەیان هەیە، کە هەموویان زۆر لە نزیک یەکتر نووسراون بەبێ خاڵ و بۆر. هەر بۆیەش کارێکی قورسە بۆ زماناسان کە بزانن ڕستەیەکی نوێ لە کوێوە دەست پێدەکات.

جگە لەوەش لە زمانی عیبریدا پیتی بزوێن نییە، وەک ا، ئ، ە، ۆ، بەڵکو تەنها پیتی نەبزوێن هەیە (ب، ک، ت و هتد) نییە.

دەبێت خۆت بزوێنەکان زیاد بکەیت. پەیدابوون ١:١ بۆ ئێمە بەم شێوەیە دەردەچێت:

## لسرتدخدسمنوزوبدهن

ئایا لەمەوە دەتوانیت ئەم ڕستەیە بناسیتەوە: «لە سەرەتاوە خودا ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێنا»؟ بۆیە دەتوانین زۆر سوپاسگوزاری ئەو زانایانە بین کە بەدوای ئەو دەستنووسە کۆنانەدا گەڕاون و دۆزیبیانەوە و وەریانگێڕا.

لە ساڵی ١٩١٩ یەکەمین وەرگێڕانی چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز بۆ زمانی کوردی سۆرانی بڵاو کرایەوە. لەو کاتەوە زۆرێک لە زمانزانان بەردەوام بوون لەم کارە بۆ ئەوەی تەواوی کتێبی پیرۆز و بە شێوەیەکی وردتر وەربگێڕن، وە دڵنیابن لەوەی کە خوێنەر دەتوانرێت لێی تێبگات.

لە زمانی کوردیدا چەند وەرگێڕانێکی کتێبی پیرۆز هەیە. بە تایبەتی جیاوازییان هەیە سەبارەت بەو پرسیارەی کە دەقی ڕەسەن چەندە بە وردی وەردەگێڕدرێت. لە ڕووی واتاییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵام لە ڕووی شێوەزار یان دارشتنی ڕستەییەوە جیاوازی هەیە، هەروەها ڕەنگە هەندێک





جار جیاوازی لە وەرگێڕانی دەستەواژەکان هەبێت، بۆ نموونە «گوناه» وەربگێڕدرێت بۆ «تاوان». لە ساڵی ٢٠١٦ بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی «ببلیکا» تەواوی کتێبی پیرۆز وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی کوردی سۆرانی، کە کاری وەرگێڕانی چەندین شارەزای زمانەوانی بوو. دەتوانیت لە ئاپی Pertukekem یان لە www.kitebipiroz.com بیخوێنیتەوە.

لە ئێستادا کتێبی پیرۆز یان چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز بە زیاتر لە ٣٥٠٠ زمان بەردەستە. نزیکەی ٩٧٪ی دانیشتوانی جیهان ئەگەری خوێندنەوەی بەشێک لە وشەی خودایان هەیە بە زمانی خۆیان.

بەڵام هێشتا کەسانێکی وەرگێڕ هەن کە بە قوربانیدانەوە خەریکی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزن بۆ زمانی زیاتر لە دوورترین ناوچەکانی زەوی. زۆرجار، ئەمە زۆر قورسە، چونکە سەرەتا دەبێت زمانێکی نووسراو دروست بکەن.

**کتێبی پیرۆز بووەتە ناسراوترین و بەربڵاوترین کتێبی ئەدەبیاتی جیهانی. ژمارەی وەرگێڕانەکان (وە هەندێک بەشی) بۆ زمانەکانی**

**جیهان لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا بە خێرایی گەشەی کردووە.**

| | |
|---|---|
| هەتا ساڵی ١٨٠٠ | بۆ سەر ٧٥ زمان وەرگێڕدراوە. |
| هەتا ساڵی ١٩٠٠ | ٥٦٧ وەرگێڕان هەبووە. |
| هەتا ساڵی ١٩٥٣ | ١١٦٧ وەرگێڕان هەبووە. |
| هەتا ساڵی ١٩٧٨ | ئەم ژمارەیە بۆ ١٦٠٠ زیادی کرد. |
| هەتا ساڵی ٢٠٢٣ | کتێبی پیرۆز (یان بەشێکی) وەرگێڕدرابوو بۆ نزیکەی ٣٦٠٠ زمان! |

# کتێب بۆ هەموو مرۆڤەکان

- لەلایەن ٤٠ کەسەوە نووسراوە،
- وەرگێڕانی سەدان کەس،
- لەلایەن هەزاران کەسەوە چاپکراوە،
- بە ملیۆنان کەس دەیخوێننەوە.

هەتا ئێستا هیچ کتێبێکی دیکە هێندەی کتێبی پیرۆز بۆ زۆر زمان و کەلتوور بڵاونەکراوەتەوە. کتێبێکە زۆرترین خوێنەری هەیە لە جیهاندا.

لە سێ لاپەڕەی داهاتوو، ئایەتی کتێبی پیرۆز لە یۆحەنا ٣: ١٦ دەکرێت بە زمانی جیاواز بخوێندرێتەوە.

**لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست،
تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو
هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت،
بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت.**

ئەم ئایەتە کە بە «کرۆکی کتێبی پیرۆز» ناودەبردرێت، موژدەی خودا بۆ مرۆڤایەتی پوخت دەکاتەوە:

- خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست،
  تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد،
- لە ڕێگەی باوەڕبوون بەو ڕزگارت دەبێت.



**ئەمهاری** — **ئەسیوپیا**

በእርሱ የሚያምን ሁሉ የዘላለም ሕይወት እንዲኖረው
እንጂ እንዳይጠፋ እግዚአብሔር አንድያ ልጁን እስኪሰጥ
ድረስ ዓለሙን እንዲሁ ወዶአልና።

**بەنگالی** — **هیندستان**

কারন ঈশ্বর এই জগতকে এতোই ভালবাসেন,
যে, তিনি তার একমাত্র জন্মগ্রহণ পুত্রকে দিলেন
যেন যে কেউ সেই পুত্রের উপর বিশ্বাস করে
সে বিনষ্ট হয় না  বরং অনন্ত জীবন লাভ করে

**بۆرما** — **میانمار**

ဘုရားသခင်၏သားတော်ကိုယုံကြည်သောသူအပေါင်းတို့.သည်ဖျက်ဆီးခြင်း
သို့.မရောက်ထာဝရအသက်ကို ရစေခြင်းငှါဘုရားသခင်သည်မိမိ၌တပါး
တည်းသောသားတော်ကိုစွန့်.တော်မူသည့်တိုင်အောင် လောကီသားတို့.ကို
ချစ်တော်မူ၏။

**چینی** — **چین**

神爱世人，甚至将祂的独生子赐给他们，
叫一切信祂的，不至灭亡，反得永生。

**ئەڵمانی** — **ئەڵمانیا**

So hat Gott die Welt geliebt, dass er seinen eingeborenen Sohn gab, damit jeder, der an ihn glaubt, nicht verloren gehe, sondern ewiges Leben habe.

### ئینگلیزی — بەریتانیای گەورە

*For God so loved the world, that He gave His only begotten Son, that whoever believes in Him should not perish but have everlasting life.*

### فەڕەنسی — فەڕەنسا

**Car Dieu a tant aimé le monde qu'il a donné son Fils unique, afin que quiconque croit en lui ne périsse point, mais qu'il ait la vie éternelle.**

### یۆنانی — یۆنان

**Επειδή, με τέτοιον τρόπο αγάπησε ο Θεός τον κόσμο, ώστε έδωσε τον Υιό του τον μονογενή, για να μη χαθεί κανένας ο οποίος πιστεύει σ' αυτόν, αλλά να έχει αιώνια ζωή.**

### ژاپۆنی — ژاپۆن

神は、実に、そのひとり子をお与えになったほどに、世を愛された。それは御子を信じる者が、ひとりとして滅びることなく、永遠のいのちを持つためである。

### پۆڵەندی — پۆڵەندا

Albowiem tak Bóg umiłował świat, że Syna swego jednorodzonego dał, aby każdy, kto weń wierzy, nie zginął, ale miał żywot wieczny.



### پورتوگالی — پورتوگال

*Porque Deus amou o mundo de tal maneira que deu o seu Filho unigênito, para que todo aquele que nele crê não pereça, mas tenha a vida eterna.*

### ڕووسی — ڕووسیا

**Ибо так возлюбил Бог мир, что отдал Сына Своего единородного, дабы всякий, верующий в Него, не погиб, но имел жизнь вечную.**

### ئیسپانی — ئیسپانیا

De tal manera amó Dios al mundo, que ha dadoa su Hijo unigénito, para que todo aquel que en élcree, no se pierda, mas tenga vida eterna.

### تیلوگو — هیندستان

దేవుడు లోకమును ఎంతో ప్రేమించెను. కాగా ఆయన తన అద్వితీయ కుమారునిగా పుట్టిన వానియందు విశ్వాసముంచు ప్రతివాడును నశింపక నిత్య జీవము పొందునట్లు ఆయనను అనుగ్రహించెను.

### تورکی — تورکیا

**Tanrı dünyayı öyle sevdi ki, biricik Oğlu'nu verdi. Şöyle ki, O'na her kim iman ederse mahvolmasın, ama hepsi sonsuz yaşama kavuşsun.**

### هەنگاری — هەنگاریا

Mert úgy szerette Isten a világot, hogy egyetlen Fiát adta, hogy mindenki, aki hisz benne, el ne kárhozzon, hanem örök életet nyerjen.

## دەتوانیت بە شێوازی جیاواز کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە:

دەتوانیت بیخوێنیتەوە
**وەک پارچەیەک لە ئەدەبیاتی کۆن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەیت.**

دەتوانیت بیخوێنیتەوە
**وەک کتێبێکی مێژوویی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر سەردەمانی ڕابردوو.**

دەتوانیت بیخوێنیتەوە
**لە ڕووی فیکرییەوە بۆ ئەوەی شیکاری و ڕەخنەگرانە حوکم لەسەر لێدوانەکانی بدەیت.**

بەڵام هەروەها دەتوانیت کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە
**بە باوەڕ، وەک پەیامی خودا ڕاستەوخۆ بۆ ئێوەی سەردەمی ئێستا.**

ئەگەر کتێبی پیرۆز وەک پەیامی خودا بخوێنیتەوە، دەکرێت خۆشەویستی خودا، کە دەتوانیت لە عیسای مەسیحدا ببینیت، قسە لەگەڵ دڵت بکات. ئەوا ویژدانت هەروەها لە ڕووی خوداییەوە ڕۆشن دەبێتەوە، هەروەک چۆن عیسا بە کردەوە و بە قسەکانی ڕۆشنایی دەبەخشی..





## بچووکترین کتێبی پیرۆزی چاپکراو



> تەواوی کتێبی پیرۆز

بچووکترین کتێبی پیرۆزی چاپکراو کە ئێمە دەیزانین تەنها کەمێک گەورەترە لە دراوێکی ٢ یۆرۆیی. قەبارەی ئەم کتێبە پیرۆزە ٢.٨سم بە ٣.٤سم و ئەستووری ١سم و ١٥١٤ لاپەڕەیە. بە وردبین دەتوانیت زۆر بە باشی هەمووی بخوێنیتەوە.

## بچووکترین پەیمانی کۆن هەتا ئێستا

> لەسەر مایکرۆچیپی دیجیتاڵی

لە ساڵی ٢٠٠٨ زانایانی ئیسرائیلی لە پەیمانگای تەکنەلۆجیای حەیفا توانیان پەیمانی کۆن لەسەر نیو ملیمەتر چوارگۆشە بنووسنەوە. زیاتر لە ٣٠٠ هەزار وشەی پەیمانی کۆن بە زمانی عیبری لەسەر چیپێکی سیلیکۆن بە قەبارەی دەنکە شەکرێک پاشەکەوت کرا. تەنها بە یارمەتی نانۆ تەکنەلۆژیا بوو کە توانرا هەڵگرتنی داتایەکی لەو شێوەیە دروست بکرێت. بۆ خوێندنەوەی دەقەکە دەبێت داتاکان بگۆڕدرێن و دواتر ١٠ هەزار جار گەورە بکرێن.

## ئایا دەکرێت بچووکتر بێت؟

> DNA - ناوەندی هەڵگرتنی داهاتوو

خودای بەدیهێنەر، ناوەندێکی تۆمارکردنی لەهەریەکێک لە خانەکانی جەستەمان چاندووە. توانای هەڵگرتنی زۆر لە هەموو ئەو شتانە تێدەپەڕێت کە هەتا ئێستا لەلای ئێمە زانراوە: ئەوە هێلی DNA یە کە تیرەکەی دوو ملیۆنەم ملیمەترە. لەناو ئەودا زانیاری بێشومار هەیە دەربارەی مادەی بۆماوەیی هەر مرۆڤێک.

ئەگەر ئێمە خاوەنی ماددەیەکی ئامادەکراوی DNA بین بە قەبارەی دەنکە شەکرێک لەگەڵ تواناکانی نووسین و خوێندنەوەی هاوتا، دەمانتوانی نزیکەی یەک ملیار کتێبی پیرۆزی تەواوی لەسەری «هەڵبگرین». زانایان پێیان وایە کە چەند ساڵێکی دیکە تۆمارکردنی زەبەلاحی DNA بەردەست دەبێت.

# عیسا - باشترین هاوڕێمان



منداڵان سەرنجیان بۆ لای ئەو دەچوو. بە خۆشحاڵیەوە لە باوەشی دەگرتن.

بەهێز بوو! زریان شەپۆڵەکانی وروژاند، ئەو بەلەمەی کە لەناویدا دانیشتبوو لە مەترسییەکی گەورەدا بوو. ڕەشەبای سەرزەنشت کرد و دەریا هێمن بووەوە.

نەخۆشەکانی چاک دەکردەوە و بەزەیی بە هەموو مرۆڤەکاندا هاتەوە – هەژاران و دەوڵەمەندەکانیش.

گوناهی ناو دڵیانی بینی، سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەک. بەڵام ژنێک کە ناوبانگێکی گوماناوی هەبوو لێی نەترسا. بۆ خراپەکارییەکانی خۆی دەگریا، هاتە لای، ئەویش لە هەموو گوناهەکانی خۆش بوو.

ڕۆژێکیان بە دیل گرتیان! بڕیاریان دا کە دەبێت بڕوات. ئەو هێندە باش و پاک بوو – وە ئیتر لەگەڵ بارودۆخی گوناهباریان ناگونجێت. بۆیە بڕیاریان دا کە باشترە لێی ڕزگاریان بێت.

**بە بزمار لەسەر خاچێک هەڵواسرا هەتا مردن.**

بەڵام تێنەگەیشتن کە ئەو پێشتر هەمووی زانیوە! ئەو کوڕی خودایە، لە ئاسمانەوە هاتبوو بۆ ئەوەی بمرێت. ئەو ویستی هەموومان ڕزگار بکات لە مردن، مردنی هەتاهەتایی.



**بەڵام ئای لەو خۆشییە!** یەزدانی پەروەردگار لە مردندا نەمایەوە. لە گۆڕەکە هەستایەوە. ئێستا دەژیێت و لە ئاسمانە. ئێمە دەبینێت و بەزەیی پێماندا دێتەوە. ئەو تۆ دەناسێت و دەیەوێت لە هەموو گوناهەکانت خۆش بێت، ئەگەر تۆبە لە گوناهەکانت بکەیت و دانی پێدا بنێیت بۆی، وەک ئەو ژنەی پێشتر باسمان کرد.

«بەڵێ»، ئەو کاتە دەڵێت، «ئێستا دەتوانم لە گوناهەکانت خۆشبم، چونکە سزاکەم لەسەر خاچ هەڵگرت».

**وە پاشان چیرۆکێکی نوێ دەست پێدەکات:** چیرۆکی ژیانی نوێ و گۆڕاوت، چونکە تەواو جیاواز دەبێت لەوەی کە هەتا ئێستا بووە. ئەو دەبێتە باشترین هاوڕێت. دەتوانیت هەموو شتێک لەگەڵیدا باس بکەیت (ئەمە پێی دەگوترێت «نوێژکردن»). ئیتر حەز دەکەیت خۆت کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی باشتر بیناسیت.

ئینجیل دەبێتە کتێبێکی سەرنجڕاکێش بۆ تۆ. بە دڵنیاییەوە حەز دەکەیت هەموو ڕۆژێک شتێک دەربارەی عیسای پەروەردگار بخوێنیتەوە.



**ئەو تەنها دەیەوێت ببێتە باشترین هاوڕێت!**



# پاککردنەوەی گەورە

دیواری ژووری نووستنی گەنجەکە چ شەرمەزارییەک دەردەکەوت!

بە وێنە و پۆستەری ناشیرین داپۆشرابوو. ڕۆژێک مامێکی کە هونەرمەند بوو، هاتە سەردانی. دڵتەنگ بوو بەم دیمەنە ناشیرینە، بەڵام هیچی نەگوت.

لەدوای چەند ڕۆژێک، برازاکە تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش و بەنرخی لە مامی وەرگرت. ئەم کارە هونەرییە لەسەر دیواری ژووری نووستن جێگەی شەرەفی گرتەوە و چەند وێنەیەکیش لادرا بۆ ئەوەی جێگەی بۆ بکرێتەوە.

لەو ساتەوە وا دیار بوو کەشێکی جیاواز و پاکتر لەم ژوورەدا حوکم دەکات و پۆستەر لە دوای پۆستەر نامێنێت. بە سادەیی ئیتر شوێنی نەدەگونجا.

ئەگەر دەست بکەیت بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، ئەگەری ئەوە هەیە کە لەسەر دیوارەکەت، ڕەفەی کتێبەکانت، یان لەنێو سی دییەکان ئەمە و ئەو نەمێنێت. ڕەنگە هەندێک داتا، یاری یان لینکی کۆمپیوتەر یان مۆبایلە زیرەکەکەت بسڕدرێتەوە. کێ دەزانێت – ڕەنگە هەروەها شتێک لە گۆشە تاریکەکانی دڵتەوە نەمێنێت.

**کەواتە ئەگەر هەرکەسێک لەگەڵ مەسیحدا ببێتە یەک، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ، شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ هاتووە!... چ هاوبەشییەکە لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا؟**
کتێبی پیرۆز – دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧، ٦: ١٤



## سەرنجڕاکێشترین کتێبی چیرۆک لە جیهاندا

«مامە، مەوەستە، بەردەوام بە لە خوێندنەوە! چیرۆکەکە وروووژێنەرە، تکایە هەتا کۆتایی بیخوێنەرەوە!» بەڕاستی چیرۆکەکە سەرنجڕاکێشە:



**یوسف کە براکانی ڕقیان لێی بوو، فڕێ دەدرێتە ناو چاڵێکی ئاوەوە، دواتر ڕادەکێشرێتە دەرەوە و لە میسر وەک کۆیلەیەک دەفرۆشرێت، لەوێ سەرەڕای ئەوەی بە تەواوی بێتاوان بووە، دەخرێتە زیندانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرۆک وەزیرانی میسر، کە لە کاتی برسێتیدا خێزانەکەی و هەموو وڵاتەکەی ڕزگار دەکات.**

کتێبی پیرۆز – پەیدابوون ٣٧-٥٠

کتێبی پیرۆز پڕە لە چیرۆکی ڕاستی وروووژێنەری وەک ئەمانە کە بیر دەورووژێنن و سەرنجی دڵ ڕادەکێشن.



**بیر لە سێ هاوڕێیەکەی دانیال بکەرەوە، کە نەیانویستبوو کڕنۆش بۆ بتەکەی پاشا ببەن، ئیتر فڕێدرانە ناو کورەی ئاگرین؛ بەڵام بێ زیان لێی هاتنە دەرەوە.**

کتێبی پیرۆز – دانیال ٣

**کتێبی پیرۆز کتێبێکی وروژێنەرە، تەنانەت بۆ گەنجانیش!**



## تا ئێستا بێلادۆنات خواردووە؟

(ئەترۆپا بێلادۆنا)

ژەهری ڕووەکی بێلادۆنا مەترسی لەسەر ژیان هەیە.
«بەڵام دەمەوێت تاقی بکەمەوە، چونکە دڵنیام ئازارم نادات
وەک ئەوەی ئازاری کەسانی دیکە دەدات.»

ئەگەر کەسێک بەو شێوەیە قسە بکات، پێویستە گومانی لە ئەقڵی خۆی هەبێت. بەڵام ئایا ئێمە هەندێک جار بە هەمان شێوە مامەڵە ناکەین؟ ئێمە قووڵتر و قووڵتر دەچینە ناو جیهانی میدیاوە، کە بنەماکانی خودا سەبارەت بە هاوسەرگیری و خێزان پێچەوانە دەکرێنەوە. ئێمە ئەو ڕۆمانانە دەخوێنینەوە کە تێیدا باسی جادووگەری دەکات، کە درۆ و هەڵخەڵەتاندن لە بەرنامەی کاردایە. ئێمە دەمانەوێت ئەم شتانە «تاقی بکەینەوە» بۆ ئەوەی هەوڵبدەین بۆ خۆمان بسەلمێنین کە ئێمە لە مەترسی ئەوانە بەدەرین.

کتێبی پیرۆز دەڵێت پێویستە گوێیەکانمان و چاوەکانمان «دابخەین» بۆ ئەوەی گوێمان لە خراپە نەبێت و نەیبیستین (ئیشایا ٣٣: ١٥). بۆیە ئامۆژگارییەکی باش ئەوەیە:

**<<< هیچ ڕووەکێکی بێلادۆنا مەخۆ!**

با هیچ کەسێک نەیەتە ناو ماڵەکەتەوە! دوور بکەوەرەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە لەگەڵ بیری خودا ناگونجێت. خودا دەیەوێت لە کاریگەرییە گوناهبارەکان و ڕێگا خراپەکان بمانپارێزێت، وە ئەگەر کتێبی پیرۆز بخوێنینەوە دەمانپارێزێت. قسەی خودا پاک و ڕاستە، زیندوو و هەتاهەتاییە. ڕێگای بەختەوەری ڕاستەقینە و ئاشتی ڕاستەقینەت پیشان دەدات.

**وشەکانی تۆ چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام.**

کتێبی پیرۆز – زەبووری ١١٩: ١٠٥



## زەبووری ٢٣

<< دەقێکی زۆر ناسراوە لە کتێبی پیرۆزەوە <<

**یەزدان شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت.**

**لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار،**

**گیانم دەبووژێنێتەوە. بەرەو ڕێگای ڕاستودروستی ڕێنماییم دەکات لە پێناوی ناوی خۆی.**

**ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەک ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای، گۆچان و داردەستەکەت دڵنەواییم دەکەن.**

**سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لەبەردەم دوژمنانم، زەیت لە سەرم دەدەیت بۆ دەستنیشانکردنم، جامەکەم لێوانلێو دەکەیت.**

**بێگومان بە درێژایی ژیانم چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ بەدوام دەکەون، بۆ هەتاهەتایە لە ماڵی یەزدان دەژیم.**

زەبوورێکی داود

ئەم زەبوورە ئاراستەی هەموو کەسێکە. ئایا هیچ شتێک لەوە باشتر هەیە کە بتوانیت بڵێیت: «یەزدان شوانی منە»؟

لە کاتی پێویستیدا، تەنانەت کاتێک ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە، مرۆڤ دەتوانێت ئاسوودەیی ڕاستەقینە بەدەستبهێنێت: «ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم،... تۆ لەگەڵمدای.»

# باشترین سەلماندن

لە بازاڕ ژنێکی میوەفرۆشێک لە پشت کۆشکەکەیەوە دانیشتبوو. کاتێک کڕیار نەبووا، هەموو ساتێکی بەکاردەهێنا بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز، ئەو کتێبەی کە زۆر بەهادار بوو لەلای.

کڕیارێکی بەردەوامی پرسیاری کرد «لەوێ بەردەوام چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟». گوتی «**کتێبی پیرۆز، فەرمایشتی خودا.**» کڕیارەکە گوتی «باشە، چۆن دەزانیت کە ئەمە فەرمایشتی خودایە؟ کێ پێی گوتوویت؟» وەڵامی دایەوە «خودا خۆی.» کڕیارەکە بە گاڵتەجاڕیەوە پرسی «ئای، خودا خۆی قسەی لەگەڵ کردیت؟»

ژنەکە بۆ ساتێک سەرسام بوو، چونکە نەیدەزانی چۆن بیسەلمێنێت کە **کتێبی پیرۆز فەرمایشتی خودایە.** بەڵام دواتر ئاماژەی بە خۆری درەوشاوە کرد و بە کڕیارەکەی گوت: «**دەتوانی بیسەلمێنیت کە ئەمە خۆرە؟» کڕیارەکە وەڵامی دایەوە «بۆت بسەلمێنم؟ ئەوە زۆر سادەیە. باشترین بەڵگە ئەوەیە کە ڕووناکی و گەرمیم پێ دەبەخشێت.»**

ژنەکە وەڵامی دایەوە «**ڕاستە، ئەوە تەواوە! ئەوە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەم کتێبە فەرمایشتی خودایە: لە ناخم ڕووناکی و گەرمی دەبەخشێت.»**





# کتێبی پیرۆزی برژاو

دەتوانین جان هۆس هەم بە ڕیفۆرمخواز و هەم شەهیدی بۆهێمایی ناوببەین. لە ڕێگەی شایەتیدانە کاریگەرەکەیەوە، چاوی هەزاران کەس کرایەوە بۆ کاری تەواوی ڕزگاری لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە.

بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە ئاشکرایەی ئینجیل لەم وڵاتەدا زۆری نەخایاند. جان هۆس لەسەر دار سووتێنرا، خوێنی مەسیحییەکانی دیکە وەک لافاو ڕژا، وە گەڕان بەدوای کتێبی پیرۆز دەستی پێکرد بۆ ئەوەی لەناوببردرێت.



لەم ماوەیەدا، ژنێک، کە گەورەترین گەنجینەی فەرمایشتی خودای هەبوو، لەبەردەم فڕنەکەی ڕاوەستابوو بۆ ئەوەی نان ببرژێنێت. لەناکاو بیستی کە پیاوەکانی دادگا بەناو گوندەکەدا دەگەڕێن و هەر کەسێک بدۆزنەوە کتێبی پیرۆزی لەلا بێت دەستگیری دەکەن.

خێرا کتێبی پیرۆزەکەی هێنا و بە پارچە هەویرێکی گەورە رووپۆشی کرد، خستییە ناو فڕنەکە و نانەکانی دیکەشی ڕاستەوخۆ لەدوای ئەو دانا.

هەر زوو ماڵەکەی ئەویش پشکێنرا. هەموو شتێک پشکێنرا، لە ژێرزەمینەوە هەتا ژووری سەرەوە، بەڵام بێهودە بوو.

لەدوای ئەوەی چەوسێنەران ماڵەکەیان بەجێهێشت، نانەکە برژا و لە فڕنەکە دەرهێنرا. ببینە و تەماشا بکە: کتێبی پیرۆز وەک سێ پیاوەکە، شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ، کە فڕێدرابوونە ناو کورەی ئاگرەوە، تەنها زیانێکی کەمی بەرکەوتبوو. کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە چۆن خودا بەبێ زیان لە کورە دەریهێناون. کتێبی پیرۆز – دانیال ٣.

**ئەی یەزدان، خودای من، پەنا دەهێنمە بەر تۆ، لەوانەی ڕاوم دەنێن ڕزگارم بکە و دەربازم بکە.**

کتێبی پیرۆز – زەبووری ٧: ١



## پێکانی دڵ

**پیتەر بە هاوڕێکەی گوت: «کتێبی پیرۆز بۆ من نییە، چونکە زۆر شتی تێیدا نووسراوە کە لێی تێناگەم.»**

**کێن بۆ ساتێک بیری کردەوە. باش دەیزانی کە پیتەر تەنها دەیەوێت بیانوو بهێنێتەوە. هەر دوێنێ شتێکی لە حەوشەی دراوسێکەی دزیبوو. بۆیە کێن وەڵامی دایەوە: «شتێک لە کتێبی پیرۆزدا نووسراوە کە بە دڵنیاییەوە دەتوانیت لێی تێبگەیت.» پیتەر گوتی «باشە، چی؟» کێن گوتی: «دزی مەکە!»**

**ئەوە وەک تیرێک وابوو کە دڵی پیتەر بپێکێت. ڕۆژی ڕابردووی بەبیرهاتەوە و بە هێمنی ڕۆیشت.**

> **ئەوەی دڵخراپ بێت چاکە نایەتە ڕێی، ئەوەی زمان خوار بێت تووشی خراپە دەبێت.**
>
> کتێبی پیرۆز - پەندەکانی سلێمان ١٧: ٢٠





## فڕێدانی کتێبی پیرۆز

چەند سەربازێک لە ڕێگای گەڕانەوە بۆماڵەوە لە کۆتایی هەفتەدا، پێکەوە دەڕۆیشتن و بە شێوەیەکی سەرگەرمی ڕەفتاریان دەکرد - گاڵتەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد.

سەربازێکی گەنج لە گۆشەیەکی ژووری شەمەندەفەرەکەدا دانیشتبوو و کتێبی پیرۆزی گیرفانی دەخوێندەوە. لەناکاو سەربازێکی دیکە بازێکی دا و گوتی: «با لەگەڵیدا کاتێکی خۆش بەسەر ببەین.» لەدوای ئەوەی ئەو قسەیەی کرد، کتێبی پیرۆزی لە دەستی گەنجەکە ڕفاند و لە پەنجەرەکەوە فڕێیدایە دەرەوە.

هەموو ئەمانە لە چرکەیەکدا ڕوویدا، وە کتێبی پیرۆز کەوتە سەر سکەکە. ئایا ئێستا سەربازە گەنجەکە بە تووڕەییەوە بازی دا؟ نەخێر، ئەو فەرمایشتەکانی عیسای پەروەردگاری لەبیر بوو: «**دڵنەرم و بێفیزم**» (مەتا ١١: ٢٩). دڵتەنگ بوو، بەڵام بێدەنگ بوو.

**چەند هەفتەیەک دواتر،** ئەم سەربازە گەنجە پۆستێکی بۆ هات کە کتێبە پیرۆزەکەی تێدا بوو. نامەیەکی سەرنجڕاکێش هاوپێچی بوو. کرێکارێکی هێڵی ئاسن، کە خەریکی کارکردن بوو لەسەر هێڵە ئاسنینەکە، کتێبە پیرۆزەکەی دۆزیبووەوە. کاتێک کردییەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی، خودا لەگەڵ دڵی قسەی کرد. هەتا ئەو کاتە بەهۆی ویژدانی گوناهبارییەوە لە ترسێکی زۆردا بوو، بەڵام لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزەوە لێخۆشبوونی لە گوناهەکانی دۆزییەوە بە باوەڕبوون بە کاری ڕزگاریی عیسای پەروەردگار. پاشان سەربازەکە تێگەیشت بۆچی دەبێت چەند هەفتەیەک لە کتێبە پیرۆزەکەی دووربێت. خودا ڕێگەی نایابی هەیە بۆ ئەوەی بگاتە دڵی مرۆڤەکان، وە شەیتان، کە دوژمنی گەورەی خودایە دیسانەوە تووشی شکست بووەوە.

> **مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، بەڵام خودا کردی بە چاکە...** کتێبی پیرۆز - پەیدابوون ٥٠: ٢٠



# کتێبی پیرۆزی دڕاو

چەند دەیەیەک لەمەوبەر، لە شارۆچکەیەکی بچووک موزایەدەی کەلوپەلی ناوماڵ هەبوو. لە نێویاندا کتێبێکی پیرۆزی گەورەی کۆن هەبوو، بەڵام کەس هیچ گرنگییەکی پێ نەدەدا. لە کۆتاییدا بازرگانێک داواکارییەکی کڕینی پێشکەش کرد و توانی بە پارەیەکی زۆر کەم بیباتەوە ماڵەوە.



بە کردەیی ئەم بازرگانە بیری لەوە دەکردەوە لاپەڕەکان بەکاربهێنێت بۆ پێچانی ئەو کاڵایانەی کە دەیفرۆشێت. بەڵام بیری لەوە نەدەکردەوە کە لاپەڕەکانی ئەم کتێبە چ بەهایەکی گەورەی هەیە. خودا فەرموویەتی: «**فەرمایشتەکەم... بە بەتاڵی ناگەڕێتەوە بۆم**» (ئیشایا ٥٥: ١١).

لەم شارۆچکەیە پیاوێک دەژیا کە لە ئازارێکی بەردەوامدا بوو بەهۆی بیرکردنەوەی لە تاوانباری بە مردنی کەسێک. شەو و ڕۆژ نەیدەتوانی هیچ پشووێک بدات. بەردەوام وشەی «بکوژ» لەپێش چاوی بوو. ڕۆژێک کوڕەکەی ناردە ئەو دوکانە بۆ ئەوەی شتێک بکڕێت. کوڕەکە ئەو شتەی هێنا کە داوای کردبوو و هاتەوە، وە لاپەڕەیەکی ئەم کتێبە پیرۆزە کۆنەی لێ پێچرابوو. لەناکاو ئەم ئایەتەی عیبرانییەکان ٩: ٢٢ کەوتە پێش چاوی ئەم پیاوە: «**لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێنڕشتن نابێت.**»



لە سەرەتادا، ئەم وشانە بۆ ئەو ڕوون نەبوو. بەڵام هێشتا بەدوای لێخۆشبووندا دەگەڕا. دەبووا بە هەر نرخێک بێت زیاتر لەو بارەیەوە بزانێت. بۆیە دیسانەوە کوڕەکەی ناردە لای بازرگانەکە، کە دەستی کردبوو بە دڕاندنی لاپەڕەکانی یەکەم نامەی یۆحەنا. کاتێک ئەم پیاوەی کە بەهۆی تاوانبارییەوە ئازاری دەچێژت، ئەو لاپەڕەیەی خوێندەوە، بە یەکجار هەموو بارەکە لە ڕۆحیدا دابەزی، چونکە ئەمەی خوێندەوە: «**خوێنی عیسای کوڕی لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە... ئەگەر دانمان بە گوناهەکانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە.**» (یۆحەنا یەکەم ١: ٧، ٩).

ئەم قسانە وەک ڕووناکییەک لەناو ڕۆحی تاریکی دەدرەوشایەوە. ئەو ئەزموونی کرد کە خوێنی مەسیحی پەروەردگار کە لەسەر خاچ ڕشتویەتی، توانای شۆردنی هەموو گوناهەکانی هەیە. لە ڕێگەی ئەمەوە هەرکەسێک دان بە گوناهەکەی بنێت بۆ خودا دەتوانێت ئارامییەکی تەواو بۆ دڵ و ویژدانی بدۆزێتەوە.

**فەرمایشتی خودا بۆتە نیعمەتێک بۆ ملیۆنان کەس. زۆرجار تەنها یەک ئایەت یان لاپەڕەیەک بووە لە کتێبی پیرۆز. فەرمایشتی خودا «زیندووە، کاریگەرە، لە هەموو شمشێرێکی دوودەم تیژترە»** (عیبرانییەکان ٤: ١٢) **. خودا بەم شێوەیە زۆر دڵی ڕەق یان تەنانەت وێرانکەری «هەژاندووە».**

**تەنانەت کتێبێکی پیرۆزی دڕاویش دەتوانێت مرۆڤەکان بەرەو ڕێگای بەختەوەری ڕاستەقینە ببات...**

# فەرمایشتی خودا ڕاستییە

فەرمایشتی خودا ڕاستییە. لە ویژدانی کەسەکان دەدات و نیشانیان دەدات کە لە کوێدا هەڵەن، وە نائارام و پەستیان دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر کەس لە کتێبی پیرۆز بترسن و لە ئەنجامدا هەندێک هەوڵیان داوە لەناوی ببەن.

# فەرمایشتی خودا بۆ هەمیشە دەمێنێت

بەڵام خودا چاودێری فەرمایشتی خۆی دەکات و هەرگیز بەسەر ناچێت.



**هەموو ئەو کتێبانەی کە لە دژی کتێبی پیرۆز قسە دەکەن لەسەر یەکتر کەڵەکەی بکەیت، ئەوا دەبێتە کۆمەڵێکی بەرزتر لە هەرەمەکانی جیزە. پاشان کتێبی پیرۆز لە تەنیشت ئەم کۆمەڵە دابنێ. کتێبی پیرۆز وەک خۆیەتی. سەرکەوتووە، وە تەمەنی لە هەموو ئەوانە زیاترە کە دژاتییان کردووە.**



**بەڵام فەرمایشتی یەزدان هەتاهەتایە چەسپاو دەبێت.**

کتێبی پیرۆز – یەکەم پەترۆس ١: ٢٥

**ئەی یەزدان، فەرمایشتی تۆ هەتاهەتاییە، لە ئاسمان چەسپاوە.**

کتێبی پیرۆز - زەبووری ١١٩: ٨٩

**هەموو وشەکانی تۆ ڕاستییە، هەموو حوکمە ڕاستودروستەکانی هەتاهەتایین.**

کتێبی پیرۆز - زەبووری ١١٩: ١٦٠



# ئینجیل وەک...

## نان



ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، تاکو
ئەوەی لێی بخوات نەمرێت. یۆحەنا ٦: ٥٠

## ئاگر



ئایا فەرموودەکانم وەک ئاگر نین؟...
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە یەرمیا ٢٣: ٢٩

## ڕووناکی



وشەکانی تۆ چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام.
زەبووری ١١٩: ١٠٥

## شیر



وەک ساوای تازە لەدایک بوو، ئارەزووتان لە شیری
ڕۆحی پاک بێت، تاکو بەمە بۆ ڕزگاری گەشە بکەن.

یەکەم پەترۆس ٢: ٢

## هەنگوین




...لە هەنگوین شیرینترن، لە دڵۆپی شانەی هەنگوین.
زەبووری ١٩: ١٠



## زێڕ



لە زێڕ دڵگیرترن، لە زێڕی بێگەردی زۆر.
زەبووری ١٩: ١٠

## زیو



وتەکانی یەزدان وتەی پاکن، وەک ئەو زیوەیە لە بۆتەی
گڵین پاڵێورابێت، حەوت جار پاڵێوراوە. زەبووری ١٢: ٦

## ئاوێنە



چونکە پەیامی خودا... نیاز و بیری دڵ جیا دەکاتەوە....
بەدیهێنراو نییە لەبەرچاوی خودا شاردراوە بێت.
عیبرانییەکان ٤: ١٢ و ١٣

## چەکوش



ئایا فەرموودەکانم وەک ئاگر نین؟ وەک چەکوش بەرد
وردوخاش ناکەن؟ یەرمیا ٢٣: ٢٩

## شمشێر



شمشێری ڕۆحی پیرۆز... کە پەیامی خودایە.
ئەفەسۆس ٦: ١٧ و عیبرانییەکان ٤: ١٢

## تۆو



تۆوێکی... نەفەوتاو، بە وشەی زیندووی خودا کە
دەمێنێتەوە. یەکەمی پەترۆس ١: ٢٣

# ڕێنوێنی بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

کتێبی پیرۆز بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆت لەگەڵ خودا هەبێت. بۆ نموونە دەتوانیت لە ئینجیلی لۆقا لە پەیمانی نوێ دەست پێ بکەیت، کە باسێکی ژیانی عیسای مەسیحە. هەروەها پەیمانی نوێ کلیلی تێگەیشتنە لە پەیمانی کۆن.



**ئەگەر دەتەوێت کتێبی پیرۆز بە خۆشی و سوودوەرگرتنەوە بخوێنیتەوە، ئەم حەوت خاڵەی خوارەوە یارمەتیدەرت دەبێت:**

## ۱. وەرگێڕانێکی باش بەکاربهێنە

- وەرگێڕانێکی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنە کە تێگەیشتنی ئاسان بێت و هەروەها لە دەقی ڕەسەن نزیک بێت، وەک «کوردی سۆرانی ستاندەر».

## ۲. کاتت تەرخان بکە

- بڕیار بدە هەموو ڕۆژێک ماوەی پازدە خولەک بەسەر ببەیت بۆ ئەوەی تەنها لەگەڵ خودا کۆببیتەوە، «کاتێک بە تەنیا» لەگەڵ خودا.

ڕۆژێک ٩٦ چارەکی کاتژمێری هەیە: یەکێک لەوانە بدە بە خودا. دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.

## ۳. پێویستت بە بێدەنگیە

- لە شوێنێکی ئارامدا کتێبی پیرۆز بخوێنەرەوە.

لە ڕاستیدا، دەتوانیت کتێبی پیرۆز بە شێوەی ئۆنلاین بخوێنیتەوە، یان لە ئایپکی بەخۆڕایی دایبەزێنیت. بەڵام بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بە شێوەی کاغەز، کەمتر سەرقاڵ دەبیت و سەرنجت باشتر دەبێت.



## ٤. نوێژ بکە بۆ خودا

- داوا لە خودا بکە یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی لەوە تێبگەیت کە خوێندووتەتەوە. کەس ناتوانێت کتێبی پیرۆز باشتر ڕوون بکاتەوە لەوەی کە نووسیویەتی.
- لە خودا بپرسە: «دەتەوێت چیم پێ بڵێیت؟ چۆن بتوانم بیخەمە بواری جێبەجێکردنەوە؟» تەنها ئەو دڵت دەبینێت و هەروەها سەختی و بارودۆخەکانت دەزانێت.
- سوپاسی خودا بکە بۆ فەرمایشتە بەهادارەکەی. خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز نیعمەت و قازانجێکی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بڕوانە زەبووری ١١٩: ١٦٢

## ٥. بیری لێ بکەرەوە

- بیر لەوە بکەرەوە دەربارەی ئەوەی خوێندووتەتەوە. سوودێکی کەمی هەیە ئەگەر تەنها بە پەلە کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە. بڕوانە زەبووری١١٩: ١٥، ٢٧، ٤٨
- هێڵ بەژێر دەقە گرنگەکاندا بهێنە و سەرنجی بڕگە هاوتەریبەکان بدە. ئیتر دەتوانیت پاشان بە ئاسانی بیاندۆزیتەوە و باشتر بەبیرت بێتەوە.

## ٦. لەبەری بکە

- لەبەری ئەو ئایەتانە بکە کە بوونەتە شتێکی گرنگ بۆت. دەتوانیت لە هەر کاتێکدا بەبیرت بێتەوە. بۆیە دەبنە یارمەتیدەرێک بۆت لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیاندا. بڕوانە زەبووری ١١٩: ١١، نامە بۆ کۆلۆسی ٣: ١٦

## ٧. پەیڕەوی بکە

- ئەوەی خودا لە کتێبی پیرۆزدا پیشانت دەدات و پێت دەڵێت بیکە. گوێڕایەڵی خودا دڵخۆشت دەکات و پەیوەندیت لەگەڵیدا قووڵتر دەکاتەوە. بڕوانە یاقوب ١: ٢٢

**خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە گوێ لە پەیامی خودا دەگرن و کاری پێدەکەن**

کتێبی پیرۆز – لۆقا ١١: ٢٨

# بڕیارێک پێویستە!

پێشنیاری زۆر و زانیاری زۆرت لەسەر کتێبی پیرۆز وەرگرتووە، «نامەیەک» لە خوداوە بۆ تۆ. تکایە هەر ئێستا وەڵامی خودا بدەوە. بڕیارەکە دوا مەخە! پێویستە ئێستا درک بەوە بکەیت کە گوێگرتن لە خودا چەندە گرنگە. ڕەنگە دەرفەتێکی دیکەت دەست نەکەوێت.

خودا دەیەوێت بە میهرەبانی و نیعمەتەوە بێتە لات نەک وەک دادوەرێک. بانگت دەکات بۆ ئەوەی ڕوو لە ئەو بکەیت. بەڵام ئەگەر لە بێباکی بەردەوام بیت و پەیامی خودا ڕەت بکەیتەوە، ئەوا ڕێگاکەت بەرەو دابڕانی هەمیشەیی لە خودا دەتبات کە دۆزەخە.

**بەڵام خودا لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە، عیسا مەسیح، پێشنیارێکی نایابت بۆ دەکات:**

**لە نوێژکردن بۆ خودا، بە قسەی سادە و ڕاستگۆیانە دەکرێت لە هەموو گوناهەکانت ڕزگارت بێت. ئەو بە خۆشحاڵیەوە لێت خۆش دەبێت کاتێک پێی دەڵێیت. پێی بڵێ کە تۆ بەبێ ئەو ژیاویت و گوناهت بەرامبەر بەو کردووە. ئەگەر بەڕاستگۆیی ئەمە بکەیت، بە دڵنیاییەوە دەتوانیت باوەڕت بەوە هەبێت کە عیسای مەسیح کاتێک لەسەر خاچ مرد سزای گوناهەکانی تۆی وەرگرتووە.**

**ئەگەر بە باوەڕ ئەم پێشکەشکردنە گەورەیە قبوڵ بکەیت، ڕێگای ئاسمانت بۆ دەکرێتەوە، شوێنی هەتاهەتایی هاوبەشی خۆشحاڵ لەگەڵ خودا. ئەوکاتە ژیانت مەبەست و ئامانجی دەبێت.**



خودا زۆر گرنگیت پێدەدات. بۆیە لە ڕێگەی نامەکەیەوە کە کتێبی پیرۆزە، قسەت لەگەڵ دەکات. ئەو دەیەوێت ڕزگارت بێت و ئاشتی ڕاستەقینە بەدەستبهێنیت. بە دڵنیاییەوە ئەو تۆی خۆشدەوێت و گرنگیت پێدەدات.

تکایە بەبێ پارێزبەندی و بە دڵێکی کراوەوە کتێبی پیرۆز بخوێنەرەوە. وەڵامی خودای گەورە بدەرەوە! بە نوێژکردن سوپاسی بکە لەپێناو ئەوەی فەرمایشتە چاکەکەی بۆ تۆ هاتووە، وە قبوڵت کردووە. ئەوە گەورەترین خۆشی دەبێت بۆ خودا!

**لە ئاسمانیش شادی زیاتر دەبێت سەبارەت بە گوناهبارێک تۆبە بکات.**

ئینجیل – لۆقا ١٥: ٧



خۆشحاڵییەکی زۆرت بۆ دەبێت ئەگەر بتوانی بە خودا بڵێیت:

**ئینجا لەلای تۆدا داندەنێم بە گوناهم و تاوانم ناشارمەوە. گوتم: «لەلای یەزدان داندەنێم بە یاخیبوونم.» تۆش لە تاوانی گوناهم خۆشبوویت.** کتێبی پیرۆز - زەبووری ٣٢: ٥

ئەوا بەڵێنە هەمیشەییە ڕەواکانی خودا تۆش دەگرێتەوە:

**...ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت.**

کتێبی پیرۆز – یۆحەنا ١٠: ٢٨

**دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان.**

کتێبی پیرۆز – مەتا ٢٨: ٢٠



لێرەدا

**«نامەیەک بۆ تۆ»**

دەدۆزیتەوە لەگەڵ چەندین بەرهەمی دیکە،

بە چەندین زمان:





**GBV Dillenburg GmbH**
Eiershäuser Straße 54
35713 Eschenburg
GERMANY
www.gbv-dillenburg.de
www.gbv-online.org
www.bibleo.org

ISBN 978-3-98824-332-4

GBV 167 4010 A Letter for You Kurdish-Sorani